# دەق ئاوێزیی لەشیعری کوردیدا

## intertextulity

**عبد القادر محمد امین ماوەتی**

**کولیژی زمان - بەشی کوردی**

## پێشـــــــەکی

پرۆسەی دەق ئاوێزیی intertextuality توێژینەوەیەکی زانستیە لە گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا ، گرنگی توێژینەوە کە لەوەدایە ، کە کەمتر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئاماژەی پێکراوە تەنها ئەوە نەبێت لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا ناوە بەناوە ئاماژەی پێ دەکرێت وتاری لە سەر بڵاودەکرێتەوە ، بەبێ ئەوەی توێژینەوەیەکی گشتگیری زانستی لەبەر دەستدا بێت ودەقە ئەدەبیە کوردیەکانی لە خۆگرتبێ.

لێرەدا بە پێی توانا هەوڵماندراوە کە دیدو بۆچوونەکانی دەق ئاوێزیی بخەینەڕوو هەروەك بەشی یەکەم ئاماژەمان بە ناساندن و بیرۆکەی دەق ئاویزیی ودابەشبونیمان کردووە وبەشی دووەمیش تیشکمان خستۆتە سەر پراکتیزە کردنی دەقەکانی ( خانی ، نالی ، گۆران ، پیرەمێرد ، کامەران ) لە پرۆسەی دەق ئاوێزیی دا خوازیاریشم توێژینەوەکەمان کارێك بێت بۆ دەوڵەمەند بوونی ڕەخنەی کوردی لەسەر ئاستی باڵاتر لێکۆڵینەوەو راڤەی لەسەر بکرێ.

**توێژەر**

# بەشی یەکەم

# " زاراوەی دەق ئاوێزیی و ناساندنی "

دەق ئاوێزیی : intertextuality

زاراوەی دەق ئاوێز ، زاراوەیەکی نوێیەو جۆرێك لە نامۆیی پێوە دیارە ، بەتایبەتی لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، بەکارهێنانیشی وەك دەق ئاوێز intertexte دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوەکانی " جولیا کریستیڤیا " کە لە ساڵەکانی ١٩٦٦- ١٩٦٧ دا لە گۆڤارەکانی -Tel Quel وکریتیك دا بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا بەرچاو دەکەوێت ، بەتایبەتی لەسەر دەقی شیعریی ، کەسەرنجی زۆری ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت وسەربەخۆیی لەسەر ئەنجامدراوە ، کە شیکردنەوەو راڤەکردنیشی کێشەیەکی نوێی خولقاندووە وجووڵەو گۆڕانی بەسەر زارەوەکەدا هێناوە وەك چەمکێکی نوێ لە زۆر ینەی دەقە ئەدەبیەکاندا بەرجەستە بووەو دڕی بەچەمکە ئەدەبیەکۆنەکان داوە بەتایبەتی ئەوانەی کە زیاتر لەم چەمکەو نزیکن وەك چەمکەکانی (دزی ،وەرگرتن ، تیهەڵکێش ، نواندن ) کەبنیاتی دەقەکان لە شێوەی گوتارێکی تری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەسەڵاتی دەخاتە ڕوو کە ئەویش دەسەڵاتی " دەق ئاوێزییە " ڕەخنەی عەرەبیش هەر لەسەدەی چوارەمی زایینەوە بەچەمکی " دزیی " لە ئەدەبدا ناوی بردووە ، کە بەشێوەیەکی ناجۆر ، ڕەخنەگران ئاماژەیان بۆ کردووە و رای خۆیان لە سەر دەربڕیوە ، هەر وەك " الجرجانی " کە لەساڵی ٣٦٦ هـ کۆچی کردووە ، ئەڵێت دزیی لەئەدەبدا لە (واژەو واتاو مەبەستدا ) بەشێوەیەکی ئاشکرا ونهێنی جێبەجێ دەکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا دزیی ناسەلمێنێ بەسەر شاعیردا ، ئەویش ( لەبەر ڕووودانی واتای هاوجۆرو بەیەکگەیشتنی پێشینەو داهاتوو )[1] هەروەها " الآمدی " یش کە لەساڵی ٣٧١ هـ کۆچی کردووە ، ئەڵێت (ئەو واژانەی کەباوە بەدزیی دانانرێت ، بەڵام دزیی لەو واتایانەدا جێبەجێ دەکرێت کە جوان وداهێنە رانەیەو تایبەتە بەشاعیرەوە [2] بەلا م " ابن الآثیر " کە لەساڵی ٦٣٧ دا کۆچی کردووە ئەڵێت دزیی لە واتای تایبەتدا سێ بەشە ،( وەرگرتنی واژەو واتا ، وەرگرتنی بەشێك لەواتا ، گەیاندنی واتا بۆ بەشێکی تر یەکەمیان وەرگرتنی واتا لەگەڵ زیاد کردنی دووەمیان بەکارهێنانی دژە واتا بۆی ) [3] ،هەروەها " ابا الفرج الاصفهانی " یش کە ساڵی ٣٥٦ هـ کۆچی کردووە وئاماژەی بەوەرگرتنی بەشێك لەواتا کردووە " وابن القتیبه " ش کە ساڵی ١٧٦ هـ کۆچی کردووە ، وشەی " وەرگرتن " ی لە بری " دزیی " بەکاربردووە ،

هەر لەم ڕووەشەوە بەڕێز د . دلشاد عەلی لە کتێبی ( دیلان شاعیر وئازادیخواز ) لە لاپەرە " ٦٧ " دا باس لە کارتێکردنی شاعیران دەکا و ئەڵێ ( شاعیر پێش هەموو شتێ خوێنەرە ، کەم زۆر ئەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرهەمە ئەدەبیەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی ، ئەو بەرهەمانەش خۆماڵی بن یان بێگانە ، ئەمەش دیاردەیەك نییە کە پەیوەندی بەکاتێکی تایبەتەوە بێت یاخود تەنها هاوملی کۆمەڵی شاعیرو بێت و لەبەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت ) [٤] ئەوەشی دەرخستووە کەهەمیشە گۆڕان وکاریگەریی وکارتێکردنی لە سەر شاعیران هەبووە ، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئەدەبیی کە دیارەدەیەکی مرۆڤایەتیە ومەودای ئاڵۆزو بەیەکدا چووی تیایە وتۆماری ژیانی مرۆڤ و مێژووە و سەرجەم گۆڕانکارییە ئەدەبیی و فەلسەفیە کانیش لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر دەگوێزرێتەوە وهەماهەنگی و دەق ئاوێزیش لە نێوان دەقە شیعرییەکان و شاعیراندا ڕووئەدات .

بەمجۆرە ڕەخنەگران ڕای جیاواز ودژیان هەبووە بەرامبەر ئەو زاراوەیە ، کە لە واژە و واتاو فرێز و وێنەو بیردا خۆی دەنوێنێ ، بۆیە لێرەدا پرۆسەی دەق ئاوێزیی بەچارەسەرێکی نوێ دائەنرێ و دوور ئەکەوێتەوە لەو چەمکە کۆنانەی کەبەکاریان هێناون وهۆکاریشە بۆ بەیەکگەیشتنی شارەستانیەکان ، تا شاعیر بتوانێ بەرهەمی بەپێزی لێ پێك بهێنێ . هەروەك " برومبیرت " ئەڵێ ( تیۆری دەق ئاوێزیی دەریخستووە کە (نووسین پرۆسەیەکی جوڵەکەرە لە نێوان تێکدان ودووپاتکردنەوە) [٥] ،

بێگومان پێویستە ڕەخنەی نوێی کوردیش لە دوو توێی خۆیدا بەتیۆری دەق ئازێزیی بناغەی لێکدانەوەی دەقەکانی پراکتیزە بکات بەسۆنگەی ئەوەی کەجیهانی دەق پێشینەی قوڵی هەیە و لە سیاقی
جۆر بەجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە لەم ڕووەوە "بارت " لەسەر پێکهاتەی دەق ئەڵێ پێکهاتەی دەق لە نووسراوو ڕۆشنبیریی جۆر بە جۆرەوە سەرچاوەی گرتووە و بەیەکدا چوونێکی دیالۆگی لەگەڵ یەکتردا هەیە ) [٦]
، چونکە ( هەموو دەقێ هاوژیانە بە جۆرێك لەگەڵ دەقەکانی تردا) [٧] هەروەها شتێکی سروشتیشە کەهەموو کارێکی هونەریی پەیوەستە بەکارە هونەرییەکانی پێش خۆی ، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندیانەی کەلەنێوان دەقەکاندا هەیە ، واتە لەسەر ئاسەواری دەقێکی تر پێکدێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ( هەموو دەقێك مژین وگۆڕانی دەقێکی ترە ) [٨] بۆیە لە ڕوانگەی ئەم گریمانەوە بۆی چووین کە ( هەموو دەقێك پەیوەستە بەدەقە ئەدەبیەکانی ترەوە ) [٩] بەواتایەکی تر ، کە هەموو وشەو برگەو فریزێك دووبارەکردنەوەی بەرهەمی نووسینەکانی ترە ، واتە ئەم گریمانە دەیەوێت بگاتە ئەوەی ، کە هیچ بەرهەمێك بوونی نییە کەپێی بوترێ ، کاری ئەدەبی یەکەم و سنووری دیاریکراو لە هیچ دەقێکدا نییە ، بەو شێوەیە دور خستنەوەی نووسەرو نامۆیی بەرامبەر یش تێگەیشتن و شیکردنەوەو خوێندنەوە شی دەخاتە ئەستۆی خوێنەرو ڕەخنەگر ، چونکە دەق ئاوێزیی تۆڕێکە لە پەیوەندییە ناوەکیەکان و بەئاکام گەیشتنی گوتارە جۆربە

جۆرەکان ، کە لە ئەنجامی بەیەکدا چوونێکی قووڵ و بەهێزەوە دەستەبەر ئەبن و لە زۆر سەرچاوەی هونەریی و شارەستانییەوە وەردەگیرێن و ئەبنە جۆرە تەرزێکی تایبەت و پێکهێنانی مەودای ستاتێك ونوێکاری هونەریی لە زماندا ، هەروەها بەشێکن لە کۆمەڵێك هزر لە ڕێییەکی نوێترەوە بەدی دەکرێن ، لە ڕوانگەی ئەوەوە کەهەموو کارێکی هونەریی لە ئاسەوارە هونەرییەکانی پێش خۆی دەناسرێ ، ئامانجی فۆرمی تەعبیر کردن لە ناوەڕۆکی نوێ نییە ، بەڵکو فۆرمی نوێ دێت تا جێی ئەو فۆرمە کۆنە بگرێتەوە ، کە بەهاو توانای ستاتیکی خۆی لەدەست داوە ) (١٠) بەگشتی دەق ئاوێزیی ( کۆمەڵە دەقێکی بەیەکدا چوو لە دەقێکی دراودا ) (١١) ، لێرەوە دەق ئاوێزیی جۆرە فراوانییەك بەخۆیەوە دەبینێ و دەمانباتەوە بۆ شێوەیەکی نوێ لە خوێندنەوەدا ، چونکە بەهۆی پەیوەندیەکانەوە دیاردەی نهێنی و ئاشکرای تێکەڵ ئەبێ و مێشکی خوێنەر پێویست بەوە دەکات بە بەردەوام پەل بهاوێژێ وبچێتە جیهانێکی دەلالی نوێوە کەفرە دەقی پێوە دیار بێ ، چونکە هەموو دەقێکی کۆن ، تواناو دەلالەتی نامێنێ و دەبێتە کەرەسەیەکی خاو بۆ دەقی نوێ بەمجۆرە دەق ئاوێزیی بەواتای ئەو پەیوەندی دێت کە لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆیدا هاتووە یان لە ئەنجامی ( ١- لە دایکبوونی دەقێك لە چەند دەقێکی تر ٢- بەیەکدا چوونی دەق لەگەڵ دەقی تردا ، ٣- بەدەرکەوتنی دەق لە دەقەکانی تر ،٤- پەیوەست بوونی دەق لەگەڵ دەقەکانی تر یان چەند دەقێکی تر ،٥- بەیەکدا چوونی دەق لەگەڵ دەقەکانی تر لەڕێگای پەیوەندیەوە ،٦- هیچ سنوورێك بۆ دەق نییە یان هیچ سنورێك لە نێوان دەقێك ودەقێکی تردا نییە ، ٧- دەقەکە پوختەی بێشوماری دەقەکانە ) (١٢) بەم شێوەیە لە ڕێگەی دەستە بەرکردنی هەڵوێست و دیدو بۆچوونی دەقەکان ومژینی بەشێك لە واژە و فرێزو برگەکانیان بەتێزێکی ترەوە لە قۆناغ وستاتیکی نوێدا پێکهاتەی دەق ئاوێزیی دەبەخشێت ، واتە بەم شێوەیە (یاسایەکی جەوهەرییە کەپێکهاتەی دەقەکان لە ڕێگای هەڵمژینەوە دێن وجیهانێکی بەیەکدا چوو دەستە بەر ئەبێت )(١٣)

هەروها "میخائیل باختین بەزاراوەی ( dialogism ) ی ناوبردووە و هەموو ئەو دەربڕینانە پەیوەندییەکی دەلالیان هەیە و لەو ڕوانگەوە بۆی چووە کە ( هیچ دەربڕینێك نییە پەیوەندی ییەکی جەوهەریی تەواوی بەدەربڕینێکی ترەوە نەبێت ) (١٤) ئەویش لە ئەنجامی واتای دەلالیەوە گوتارێك بەگوتارێکی ترەوە دەبەستێتەوە و کردەی پەیوەندی دەق ئاوێزیی پێکدێت لە ڕێگەی بازنەیەکی زمانەوە نەك زانستی زمان ، چونکە زۆر جار ئەو پەیوەندیانە کردەی دەق ئاوێزیی پێك ناهێنن ، ئەگەر لە ڕێگەیەکی مەنتقی ورێزمانیەوە دروست بووبن ، چونکە زمان لەحاڵەتی دەقدا (جیهانێکە چەمکە دەلالیەکان ڕێکی دەخەن و واتایەکی تریان هەیە ) (١٥) واتە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گوتارەکانەوە دستەر بەر ئەبێ ( ڕوون وئاشکرایە کەهەموو ئاراستە کردنێکی دیالۆگ هۆیەکە بۆجیاکردنەوەی گوتار ، کە ئەمیش ئامانجێکی سروشتی گوتاری زیندووە بۆ بەدیهێنان وبەیەکگەیشتنی گوتارەکان لە پێناو مەبەستدا ) (١٦)

گەشەسەندن وبەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە لایەن ( کریستیڤا ، تودوروف ، رولان بارت ، جینیت ) کە زۆرینەی هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی زانستی زمان بووە لە ئەدەب ورەخنەدا ، کە پێشتر لە سەر دەستی زانای زمانەوانی ، فردیناند دی سوسیر "هاتە ئاراوەو پەیڕەو کرا " تودوروف " بەهۆی پەیوەندییە ناوەکیەکانی وشەوە دەست نیشانی کاری ئەدەبی کردووە وهەموو ئەو پەیوەندییە زمانیانە ، بەڕێگە چارەیەك دائەنێ بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی ، هەر بۆیەش باوەڕیان وایە کە ( کاری ئەدەبی تەنیا هە رئەوە نیە کە لە وشە دروست بوویێت ، بەڵکو ڕستە پێکهێنەرێتی و دەچنە ژێر ئاخاوتنی جۆر بەجۆرەوە ) [١٧] ، بۆیە بنیاتی زمانیی بەقۆناغێکی بنەڕەتی شیکردنەوەیان ئەزانی بۆ دەقەکان ، لەمیانەی ئەو پەیوەندیەدا
( زمان – ئەدەب ) یاکوپسن ئاماژەی پێدەکات وئەڵێ:(هونەری شیعر پەیوەندی بەکێشەکانی زمانییەوە هەیە)[١٨] لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەقی شیعریی وەك کارێکی ئەدەبی وپەیوەست بوونی بەکێشە زمانییەکانەوەو ئاماژە پێکردنی زۆری ڕەخنەگرانی بونیاد گەری نکوڵی لێناکرێ وسەلماندنیشی وەك دەق ئاوێزیی – intertextuality – وبوونی پەیوەستە بەبوونی پەیوەندیەکانی نێوان دەقەکان وئەو جۆرە هاوماڵییەی لە نێوان پێکهاتەی دەقە کاندایە ، زیاتریش ( تەئکید لەسەر پەیوەندی دەق بەدەقی پێش خۆی یا هاوچەرخی خۆی دەکات ، بەڵام لە چوارچێوەی دەقدا ) [١٩] ،
فرە واتایی وچڕو پڕی لە چەمکی دەق ئاوێزیدا دەگەڕێتەوە بۆ کردەی دەق ئاوێزیی ، کە بەکارێکی جەوهەری وپێویست دەزانرێ بۆ بەیەکگەیشتنی سەرجەم گوتارەکان زیاتر یاسا ، ئایین ، رامیاری و زانستە مرۆڤایەتییەکان کاری تێدەکرێ ، ئەبێ ئەوەش بزانین کە ( فرەیی دەق ناگەڕێتەوە بۆ گرێبەندی ناوەڕۆك بەڵکو دەتوانین پێی بوترێ هاوئاوازی دەلالەتە کان ، کە دەقیان پێکهێناوە) [٢٠] ، ئەوەتا " لۆران جینی " Jenny لە گۆڤاری poetique پۆیتیك بەم شێوەیە پەسندی دەکات وئەڵێ ( پرۆسەی گۆڕین ونواندنی چەند دەقێکە کەدەقی ناوەند پارێزگاری لەواتای زیاد دەکات ) [٢١] زیاتر لە سەر ئەوەش دەڕوات و واتاکەی فراوان دەکات بەهۆی گۆڕینی لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر ، کە لە ڕاستیدا بۆ چەمکە جەوهەریەکەی دەگەڕێتەوە لە بەرئەوەی کە بریتیە لە بوارێکی ئەبستمۆلۆژی چونکە (هەموو دەقێك ، دەق ئاوێزییە ودەقەکانی تر بەئاستێکی جیاواز دەبینرێن و دوور نین لە تێگەیشتنەوە ، کاتێ زانیاریمان هەبێت لەسەر ڕۆشنبیری دەقەکانی ئێستا ورابردوو) [٢٢]
بەم پێودانگە کاری خوێندنەوەی دەق ، گەڕانە بەدوای واتا ودەلالەتەکاندا ، گەڕانە بەدوای چرکەی ماناو زانستەکان کەلە سەر جیاوازی بینا کراون وئاستی ئامادەبوون " یان تێدا نییە و جۆرێك لە لێڵی ئەفسانەی ماناکان دێتە دی ویەك مانایی ڕاناگەیەنن ، لەبەر ئەوە ڕاڤەکەر ، ڕاڤەیەکی ڕاستەقینەو بەرجەستە لەدەقەکاندا نابینێ وڕێساو وپێوەری چێژی شیکاریی لەبەردەوامی ڕاڤەی نوێدایە ، چونکە بونیادی دەق ، ڕەگی لەتۆڕی ژیان وجەستەی زمانەوە سەرچاوە گرتووە ،سوسێریش لەڕووی" دال ومەدلول " ە وە گەیشتووە بەوەی کە ئەڵێ (

پەیوەندی نێوان " دال ومەدلول " بڕیاری و بگۆڕە و بەپێی یاساکانی ڕێزمانی Grammar ، فۆنۆلوجی phonology ، سێنتاکسی Syntax ، سیمانتیك symantic ە وە کاردەکات ) [٢٣]

دەق

intertextuality



## جۆرەکـــــانی دەق ئاوێزیـــــی

دابەش بوونی فۆرمی دەق ئاوێزی وناسینەوەی بەگشتی ، لە پێکهاتەی ڕستەو دەربڕین وبڕگەو فرێزو کێش وئاواز تێدەپەڕێ و دەچێتە ئاستێکی دەلالی و ئەو هەڵوێست ودیدو بۆ چوون و نەسەقە جیاوازا نەش لە دەقی داهاتوودا تاوتوێ دەکات ولە ڕێگەی بونیادیشەوە توخم و ڕەگەزو ئاماژەی دەقی پێشوو لە خۆ ئەگرێ و وەك فۆرمیش بەهۆی چێوە و ڕەنگ وهێڵکاری ونیگارەوە دەچێتە خاڵی پێکهاتەی دەق ئاوێزییەوە ، کە مەودای جۆر بەجۆری گوتارە شیعرییەکانی تیایەو دەتوانرێ خوێندنەوەی هەمە جۆری تیا بەدی بکرێت ، ئەویش بەمیکانیزمی کردنی هەردوو کرداری " گۆڕین وخواستن " لە بەیەکگەیشتن و یەکگرتن و توانەوەی توخمەکان لە فۆرمی دەقێکی نوێدا ، وبەرجەستە بوونیشی لەم دابەشبوون وهێلکاریەدا ئاماژەی پێ ئەکەین

١- دەق ئاوێزیی خودی [٢٤]

بەواتای گشتی گەیاندن وبەیەکدا چوونی کارە داهێنەرەکانی نووسەر لە ڕووی توخم ورەگەزی بنیاتەوە واتە ( بەیەکداچوونی دەقەکانی لەگەڵ یەکتردا ) ،

٢-دەق ئاوێزیی گشتی ، بە دوو جەمسەردا تێدەپەڕێ .

أ- هاوچەرخ : بەیەکدا چوونی ( دەقی نووسەر لەگەڵ دەقی تری هاوچەرخدا ) ، جیاوازن بن یان وەکو یەك

ب- نوێبوونەوە ، بەیەکدا چوونی ( دەقی نووسەر لەگەڵ دەقەکانی ناهاوچەرخدا ) جیاواز بن یان وەکویەك

کە لەم هێلکاریەی خوارەوەدا دەبینرێت




لێرەدا دەتوانین بڵێین ( ئاسەواری دەقێك یان زیاتر لە پشت دەقێکی دیاریکراو وە بێت ، مەرجیش نییە بەمەبەست بێت بەڵکو دەشێ لە ئاگایی وبێ ئاگایی شاعیرە وەبێت یان نا ) [٢٦] بۆیە سەرنجمان بۆ ئەم دوو دەقە ، کەیەکەمیان دەقێکی " کامران موکری " یەو بەناوی کۆتری ئاشتی " کە لە ساڵی ١٩٥٤ دا لە ڕۆژنامەی " ژین " ژمارە ١٢١٠ ، ١٢١١ بلاّوکراوەتەوە ، دوومیش دەقێکی " گۆران " ە بەناوی " مارشی ئازادیخواز " هی ساڵی ١٩٥٩ یە ، واتە " لە بیرو وێنەو مەبەست " ە کاندا جیهانێکی بە یەکدا چووی دەق ئاوێزی دەبینرێ ، ئاسەواری دەقی تر لە پشت وێنەو مەبەستەکانەوە دەبینرێن ، بەزمانێکی داهێنەرانە ئەنجامی گوتار ڕادەگەیەنن ، ڕاکان نێگەتیڤن بەرامبەر بەشەڕو شەڕ فرۆشان لە دەق ئاوێزییەکی گشتی هاوچەرخی وەك یەکدا بەرجەستە بوون . دەقی یەکەم

بادەیان خوێناوی لانە

بۆ ئاخنینی قاسەیان

ئەیانەوێ

گەل ژێر کەوێ

کڵپەی شەڕێك هەموو جیهان

بسووتێنێ ............... (٢٧)

دەقی دووەم

ئەی شەڕ فرۆشان !

قاسە پڕ کەللە بۆشان !

بەس بێ ، بەس بۆ شەڕ تێکۆشان ! ...............(٢٨)

هەروەها دەق ئاوێزیی حاڵەتێکی ڕەخنەیی وەردەگرێت یان بەواتایەکی تر دەگۆڕێت بۆ ڕەخنە چونکە ( دەق ئاوێزیی کلیلی خوێندنەوەی دەقە ، تێگەیشتن وشیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەو دووپاتکردنەوەی پێکهاتەی ، بۆ ناسینی چونیەتی بەرهەمهێنانی گوتارە )[٢٩] ،

# بەشـــــی دووەم

## " پرۆســـــــەی دەق ئاوێزیـــــــی "

لەم بەشەدا تیشکمان خستۆتە سەر چوار دەق لە شیعرەکانی " خانی ، نالی ، گۆران وپیرەمێرد " بەپێی زەمەن و شوێن وچەرخی جیاواز کە جۆرێك لە نزیك بوونەوە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ و وێنەی پۆزەتیف ونێگەتیف لەسەر ئاستی " بزر بوون " ی دەقەکان ، لە تۆرێکی ئاڵوزداو لەسیاقی جۆر بەجۆردا دەبینرێن ، دەقەکان بەگشتی لە سەر ئاستی بنچینەیی دەلالی پێکهاتوون

ودەلالەتەکان خۆیان — بوون — ی دەقەکان دەسەلمێنن ، بەشێویەکی هەمەجۆر یەکتر دەبڕن و هەریەکە لەڕەگەزەکانیان وێنەیەکی تایبەتیمان ئەدەنێ ، وێنەکانی ئامادەبوونی دەق لە بنیاتێکی زمانیدا ، لە شێوەی ( وشە و کۆد ) دا هەڵسوکەوت دەکەن و خۆمان لە بەردەم چەند وێنەیەکی تێکچڕژاودا دەبیننەوە ، کەلە چەند چەرخێکی جیاوازدا یەکتریان بڕیوە ، لە وێنەکانی وەك ( شیری هونەرا ، قەدری قەڵەم ، کەوکەبی میهری ، ئەمڕۆ ، سبەینێ ، دوێنێ ، فەلەك ، مەرزی کوردستان ، خامۆشی وبێدەنگی ، صە لاحەدین و خانزاد ) کە پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەقەکان

دەلالەتی جیاواز و دژیان دروست کردووە ، پێویستیان بەوە هەیە کەخوێنەر جۆرە هەڵکۆڵینێك لەدەقەکاندا ئەنجام بدات ، چونکە لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیرییەوە بەرپا بوون وهەڵویستی بەیەکدا چوو بەسەر خوێنەردا دەسەپێنن وپێویست بە تێرامان دەکات ودەقەکانیش هەڵگری توانای جیاوازو کاردانەوەی کات و گەردونێکن ، کە داهێنەر پشتی پێ بەستوون و خوێنەریش ئەبێتە بەرهەمهێنەری دەق و دروست کردنی دەلالەتەکان ،

- گۆران ــــ هەوڵی بەئاکام گەیشتنی ڕەگەزەکانی دەقەو بۆ بەیەکگەیشتنی گشت دەلالەتەکان لە ناو پەیوەندییەکانی زەمەنی دەقدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و لە خانەیەکی ڕۆشنبیری زۆر فراوانەوە پەلی هاویشتووە ، لەناو دەلالەتەکاندا و لەسەر ئاستی بزربوونی دەق ئاماژە بەچەند دەسەڵاتێکی " بوون " دەکات لەچەند کاتێکی - جیاوازدا بەش بوون ، کەزیاتر " بوون ، کات ، ژیان " دەگەیەنێ ، کەوەك جەستەیەکی زیندوو ژیانی سوڵتانی ( نێرومێ ) ی لە مێژوودا زامن کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکانی نێوان دەق ، ژیان وژینگە وکاتێکی بەسەر چووی " بابە ئەردەلان وکەلاوەی کاول وپەیکوڵ وبەردەڵان " کە لە

حاڵەتی کات وگۆڕانی ــــ بوون وژیان ــــ ێکی ترسناك وتۆقێنەر لە سەر ئاسەواری دەقی پێش خۆیدا دەبینرێ ، کە پیرەمێرد " لە دەقی " بانگی بەیان " دا لە ساڵی ١٩٤٦ لە ژین دا بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت .

مەرزی کوردستان ، تا روشەوە زەنگ
شاری خامۆشان بێ دەنگ ، بێ ئاهەنگ
تەختی تەخت بوو بوو ، بابە ئەدەلان

کەلاوەی کاول ، پەیکوڵ ،، بەردەڵان . . . . . . (٣١)

کۆدو دەلالەتەکان بەهەمان شێوە وەك ڕاگەیاندنێك ئاسۆی جیاوازیان تەوزیف کردووە کە تەنها هەر ئەوە نیە واتا بێت ، یان هەر ئەوە نییە لە سەر ئاستی ئامادەبوونی دەق ، کە شار " هەمیشە خامۆش وبێ دەنگ " بێت ودەلالەتی مردن باڵی بەسەردا کێشا بێت ، بەڵکو هەمیشە لە جووڵەدایە و پێگەیەکی دەروونی بەهێزی لە ناو پەیوەندییەکانی دەقدا تۆمار کردووە ، کە خوێنەر دەتوانێ ببێتە ڕەگەزێکی بەتواناو لەگەڵ دەقدا جووڵە بکات چونکە " مردن " وەك خەو دووبارە دەبێتەوە ، وێنەو ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتریدا دێن ودەڕۆن یەکتر دەبڕن وجوگرافیای دەقەکان دەبنە ڕێخۆشکەر و زەمینەی تەواو کەری یەکتری ، هەروەك چۆن نالی دەڵێت :

تافەلەك دەوری نەدا ، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو
تا نەگریا ئاسمان وتەم ولاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو ، هەم لێوی غونچە وا نەبوو . . . . . . . (٣٢)

دەلالەتی " کات ، ژیان ، بوون " لەسەر هەردوو ئاستی ئامادەبوون وبزربوون " جووڵە دەکەن و دەقیش پێناسەی مێژوویەکن کە پەیوەندییە ناوەکییەکان زەمینەی چەمکی " مێژوو ، بوون ، ژیان " یان فراوان کردووە ، وێنەکان بەتەواوی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر یان لە کاتێك بۆ کاتێکی تر دەبێتە ئامانجی دەقەکان ،

تافەلەك دەوری نەدا ، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك ، تەلعەتی پەیدا نەبوو

وێنە ئامادە بووەکان هەواڵ وئاماژەی ڕابردوویان هەڵگرتووە ، بۆ وێنەکانی " بوون " ی داهاتووی خانزاد ، سەلاحەددین ، داواکردنیشە لە مێژووی داهاتوو بەرپەرچدانەوی "مردن " وبیرهێنانەوەی چرکەساتی ژیانی نوێ بێت ،

گوتاری دەقەکانیش کارەستێکی تراژیدی پەنهانە لەسەر ئاستی بزربوونی دەقەکان ، کە بۆتە یەکەیەکی دەلالی و ئاماژەیەکە بۆ چەندین زەمەنی ناجۆرو بوونێك کە چەرخی گەردوون هەڵگری نهێنیەکانی بێت . ولاتیش کارەساتە تراژیدیەکانی " تەم وگریان . لەخۆبگرێت و مێژوویەکی نوێ بنووسێت ولە دەلالەتی کۆن ڕزگاری بێت و مەدلولێکی نوێ بڕەخسێنێ ، ڕستە کانیش خۆیان ڕاگەیاندنێك دەگەیەنن و " بوون " ێکی تازە بەبنیاتەکە ئەدەن و دەقیش داوای :

" کەوکەبی میهری موبارەك ، تەلعەتی پەیدا نەبوو "

بەسنووری فراوان کردنی دەق لە بازنەیەکی بەیەکداچووی بێ کۆتاییدا بەورەو جووڵەیەکی بە کۆمەڵەوە ، هەوڵی دۆزینەوەو گۆڕینی ڕابووردوو و ئەو واقعە تێدەپەڕێنێت و لە شوێن زەمەنی " بابەئەردەلان و صەلاحەددین وخانزاد " زەمەنی بەرپەرچدانەوەی مردن بێت و دەلالەتی ژیان وبوونێکی تر دەخوازێ ، کە سەرجەم ئامانجی گشتی دەقەکانەو دەچنە پاڵ یەك و هاو دەقی پێکدەهێنن و خانی ئەڵێت :

ڕابێت ژمەژێ جهان پەناهێك
پەیدا ببیتن مەپاد شاهێك
شیری هونەردا مەبێتە دانین
قەدری قەڵەما مەبیتە زانیین . . . . . . . .. (٣١)

زەمەنی دەق لە پێناو بەدیهێنان و لەدایکبوونی بیرۆکە ی نوێ بەفۆرمی نوێ لە ناو تۆڕێک پەیوەندی ئالۆزدا و لە ڕێگەی هەڵمژینەوە جیهانێکی بەیەکداچووی دەق دەستەبەر دەبێت و وێنەکان لە نێوان جیهانی " بوون " دا دەلالە تیان پێ ئە درێ .

لە هەر چوار دەقی شاعیران ( خانی ، نالی ،گۆران —— پیرەمێرد ) دا جۆرە هێزێک دەبینرێ لە ڕێگەی دەلالەتی دەقەکانەوە کە ئەویش هێزی ئیدیۆلۆژیەتەو گیروگرفتەکانیشی پیشان ئەدا ، چونکە بەڕای " ئەلتوسێر " ( ئیدیۆلۆژی بریتی نیە لە کۆمەڵێک بیرو باوەڕ ، بەڵکو مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە و لەکاتی قسە کردندا شان بەشانی فێربوونی زمان ، ئیدیولوژیش بە سەریا زاڵ دەبێ ، واتە ئیدیۆلۆژی پێکمان دێنێ ومرۆڤ قەت ناتوانێ ئیدیولوژی هەڵبژێری ، بەڵکو بە بەردەوام ئیدیولوژی مرۆڤ هەڵدەبژێری ) [٣٤] و دەقەکان هی سەردەمێکی جیاوازن وهەڵگری ئیدیۆلۆژی سەردەمن

واتە ڕەخنە گر لە ڕێگەی دەقەکەوە بەجۆرێک لە ئایدۆلۆژی ئەو کاتە دەگات ، کە دەقەکان بە گشتی جۆرێک لە ئایدیولوژی " بوون " ی نەتەوەیی نیشان ئەدەن و جۆرێک " زانین " لە دەق ئاوێزیی دا دەردەخەن ، خانی بەم شێوەیە دەقەکەی داڕشتووە وئایدیولوژیەتی " بوون " ی نیشتمانی زاڵە بەسەریدا ،

پەناهێک

شیری هونە بوون قەدری قەڵەم

پادشاهێک .

دەق بەبنیاتێکی سایکۆلۆژیەوە دەڕوانێتە - بوون —— لەناو بازنەی دەلالەتەکاندا ولەگوتاری شیعریی دا ئەو جیهانە بەدەربڕینێکی زمانیی ئالوگۆڕ دەکات ، لەهەمان کاتیشدا دەیەوێت دڕ بەو دۆخە نێگەتیڤە بدات وئەو جیهانە لە بوون و زانست وهونەر لە نێو مەدلولەکاندا بپێکێ ، چونکە بیر وەک سیتەمێک لە واتایەو پرسیاری تایبەت دەخولقێنێ جیهانێک لەوا تا بۆخۆی بنیات دەنێ

شیری هونەرا مە بێتە دانێن

قەدری قەلەما مەبیتە زانیین .

بەمجۆرە هەموو بنیاتەکان کاریگەریی پێکهاتەی یەکترین و نەخشەی دەقەکانمان پێ ڕادەگەیەنن وبەهەموو یان لە نێوان دەقەکاندا یاسایەکی ڕەهامان ئەدەنێ ، بەلام لە ناخێکی دابەش وتراژیدیی

دەروونییەوە چێژی دەقمان پێ دەگات ، کە لە ڕێگەی جووڵەی زمانەوە سەرجەم دەلالەتەکان پەیوەستن بەهێڵی جۆر بەجۆرەوە .

ئێمە لە ڕێگەی بنیاتی دەقەکانەوە دەتوانین حاڵەتی رەها بدۆزینەوە بەمانای ئەوەی لە بنیاتی دەقێکدا چەندین واتای جیاواز بخەینە ڕوو ، یاخود لە چەندین دەقی جیاوازدا یەك بنیاتی بیرکردنەوە لە ڕێگەی دەق ئاوێزییەوە دروست بکەین لێرەدا ئەبینین کەدەق کێشەیەکی تری خولقاندووە و لەگەڵ زمەنێکی رەها دا هەڵسوکەوت دەکات ولەسەر ئاستی دەق جێگیرە و لەگەڵ یەکتریدا دەتوێنەوە وشان بەشانی بنیات و مەدلوول دەچنە

دوو توێی خۆیەوە ولەناخدا پڕە لەجووڵە ولەگەڵ بنیاتدا بەر جەستەوە بوو ، واتە ناسنامەی ئیستاتیکی ودەلالی داوەتە دەق و هەوڵێکە بۆ نواندنی ڕێچکەی بنیاتەکەو تێکەڵ بەکەسایەتی مێژوویی بووە وەك ،

بەڵام دوێنێ

نەئەمرۆیە ، نەسبەینێ

صەلاحەددین یەك سوڵتان بوو

خانزاد یەك پڵنگی جوان بوو

بێگومان ڕێچکەی ئاستی " بزربوون " ی دەقەکان لە بنیاتێکی تایبەتدا و لەدەق ئاوێزیی دا ، زیندوویەتی بەخۆی دەبەخشێت ، بەهۆی کاتەوە کێشەیەکی دیالێکتیکی خولقاندووە ودەسەڵاتێکی تایبەتی " بەبنیاتی بوون " داوە و پەیوەستە پێوەی لەکاتێکی دیارو نائارامیەکی دەروونیدا ئەڵێت :

تەختی تەخت بوو بوو ، بابە ئەردەلان

کەلاوەی کاول ، پەیکوڵ ، بەردەلان

لە نێوان پەیوەندییەکانی دەقدا جووڵەیەك بەدی دەکرێت کە دەسەڵاتی کارلێکردن و بەدەلالەت کردنی شتەکان هەیە و تێڕوانینێکی تر دەگرێتە خۆی وگیانێکی زیندوو دەداتە دەق و لە ڕێگەی مەعریفی تایبەتەوە واتاکانی بینات دەنێ ، ئەو جوڵەیەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر کە وزەو توانای بەگوڕتر دەداتە سیستەمەکە و دەلالەتی ژیان لەناو بازنەی سیستەمەکەدا دەخولقێنن ولە بەئاگا بوونێکی هونەری بەهێزەو سەری هەڵداوە ، هەموو ئەم وزەو گوڕو تینانە لە دوو توێی زماندا سەقامگیر دەبن لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر شێوازو پەیوەندی نوێ لەڕەگەزەکانی بنیاتی لێکۆڵینەوەکەدا بەرجەستە دەبێت دەق لە زەمەنێکی تایبەتی ومەرجداردا ئەڵێت

تانەگریا ئاسمان وتەم ووڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارانەبوو ، هەم لێوی غونچە وانەبوو

لە دوای ئەو کارەساتە تراژیدییەی ( گریانی ئاسمان ، تەمی ولآت ) دەق جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەرەگی " ژیان " ە وە سەری هەڵداوە ودەق ئاوێزی " یش ئەو حاڵەتەی بەم دەربڕینە ڕوون کردوٚتەوە .

" گوڵ چەمەن ئارا نەبوو ، هەم لێوی غونچە وا نەبوو "

واتە سەرتاسەری فەزای دەقەکان = بنیاتی دەقەکان جەخت لەسەر کایەو کەناڵی ژیان دەکەنەوە وگشتگیرییەك پیکدەهێنن و لە " ژیان " بوون ، زەمەن " داکە ئەدگارە نهێنیەکانی گەردوون لەسەر ئەنجامێکی تراژیدیدا پاپەند دەکەن ، لە پێناو بەدیهێنان و لەدایکبوونی بیروٚکەی نوێ وبەفوٚرمی نوێ لەنێوان توٚڕێك پەیوەندی ئاڵوٚزدا ولە ڕێگەی هەڵمژینی دەقەکانەوە جیهانێکی بەیەکداچووی دەق دەستە بەر دەبێت وگوتاری شیعری بە دەربڕینێکی زمانییەوە بەهاکان ئاڵوگوٚڕ دەکەن وکێشەکانیش کە کێشەی مروٚڤ وسەردەمن ، دەچنە بنیاتی دەقەوە ، بیرکردنەوە ودوٚزینەوەی ئەو بنیاتەش لە لایەن واتاوە پێکهاتووە

پێویستە خوێنەریش لە داخوازیەکانی دەقدا پەنجە بخاتە سەر کێشەکان و هەموو تایبەتمەندیەکانی داهێنەریش خوٚی لە کوٚدو شێوازدا دەبینێتەوە ولەئەنجامی پروٚسەی " گوٚڕین وخواستن " دا ولەسیاقی نوێدا ( دەق لە دایکبووی دەقێکی ترە ) [٣٥] دەلالەتەکانیش دەبنە هوٚی لە دایکبوونی دەلالەتی نوێ ، کەلەسەر ئاستی ئامادەبوونی دەق نابینرێن ، یان وەکو " بارت " دەڵێ ، دەق ئاوێزیی چارەنووسی هەموو دەقێکە ، کە لە بنیاتدا دێتە دی و نەك وەك چەند برگەیەکی شیعری سەربەخوٚ ، بەڵکو وەکو یەکەیەکی دەلالی بەیەکداچوو بوٚ پێکهێنانی بنیاتی شیعری چونکە دەق ( هەڵگری دەلالەتی ئامادەکراو کوٚتایی نییە ، بەڵکو جیهانێکی دەلالیە ) [٣٦] ،

لێرەدا هەموو ئەو بوٚچوون ونهێنیە دەلالیانە بەخوێندنەوەی جوٚر بەجوٚر لەمەودای نێوان دەقەکان لەڕێگەی پەیوەندییەکانەوە بەدی دەکەین ، کە لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دەردەکەوێت



له کۆتایی لێکۆڵینەوە کەماندا ،پێویستە ئاماژە بە دوا داچوونەکانی " جینی " بکەین بۆ ناسینی مەعریفەی دەق ئاوێزیی " بەتایبەتی لایەنەکانی وەك

١- دەق ئاوێزیی " رفاندنێکی ڕۆشنبیری " یە کە زۆر لە بیرمەندو نووسەران ، بەتایبەتی گی دیبور .Guydebord.ی فەرەنسی ئاماژەی پێکردووە ، کە ( پرۆسەی رفاندنە " و پراکتیزە کردنی دەقیش بۆ گۆڕینی ئاسەواریەتی ) [٣٧] ، لێرەوە نووسەر بەڕوونی لە حاڵەتی ئاگاییەوە گوتارەکانی پێش خۆی پراکتیزە دەکات وبەکردارێکی ڕەخنەگرانەی دادەنێ و دووبارەکردنەوەی بۆ چوونی خەڵکانی تر نییە و جووڵە یان پێ ئەدات و تەوزیفیان دەکات وله خۆیان باڵاتر و بە حاڵەتێکی نوێترەوە ئاراستەیان دەکات وبەزمانێکی تر قسە ئەکات

٢- لایەنێکی تری دەق ئاوێزیی (گێڕانەوەی ژیانە بۆ واتا ) [٣٨] بەمەبەستی ڕزگار کردنی واتا لە توێژاڵە کۆنەکەو ( بەرەو سیاقێکی دەلالی نوێ بچێت و خاڵی کۆتایی نەبێت ) [٣٩] چونکە دەق ئاوێزیی بە بەردەوام وەڵامدانەوەی ئەرکێکی ڕەخنە ییە و هۆکارێکە بۆ دۆزینەوە ، بەو پێییە دەق ئاوێزیی ڕێگە بەنووسەر ئەدات بەشێوەیەکی سەربەست وفراوان مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا بکات و توخمە ڕۆشنبیرییە گەردوونیەکان تاوتوێ بکات وگۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەردابهێنێ بەوەی کەخۆی لە فرە دەقییەوە سەرچاوەی گرتووە وگۆڕان توانەوەی دەقیش هۆکارە بۆ واتایەکی نوێترو شتێکی تری جیاواز ، هەروەکو " بارت " وتەنی ( بنیاتێکی بێ کۆتاییە ) [٤٠] و پێکهاتەیەکی فرە دەنگی وبابەتی تیا دەبینرێ ودەربڕینەکانی جیاوازن .

## ئـــــەنـــــجام :

ئەنجامی توێژینەوەکەمان لەسەر دەق ئاوێزیی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، خۆی لەم خاڵانەدا دەنوێنێ.

١- بەگشتی دەق ئاوێزیی لەباسەکەماندا بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا بەش بووە

أ- دەق ئاوێزیی گشتی

ب- دەق ئاوێزی خودی

٢-دروست بوونی " دەق ئاوێزیی " پێویستی بەمیکانیزمیەتی هەردووکرداری ( گۆڕین وخواستن ) دا تێپەڕیت

٣-دەق ئاوێزیی بوارێکی ئەبستمولوژیەو بە بوونێکی خودی سەربەخۆ دەژمێرێ و دەق دەبێتە بنەڕەتی بنچینەی " دەق ئاوێزیی "

٤-خوازیارانی " دەق ئاوێز " دەڕواننە دەق کە کارێکە لە ئەنجامی بێشوومارێ دەقەکانی ترەوە هاتووە و لەبنیاتدا پێکدێت و زەمینەیەکی فراوانی هەیە دور ئەکەوێتەوە . لە پراکتیزە کردنی براکسیس

٥-دەق ئاوێز ، ئەنجامی تێکەڵاو بوونی شارەستانییەکان وهاو ماڵی و سوود وەرگرتن لە یەکتری و موتربەکردنی دەقەکان بە مۆرکی تایبەتی

**توێژەر**

# ملـــخص البحث

هذا البحث يتناول التناص في الخطاب النقدي الكردي ( المقالات النقدية في الادب الكردي ) وفي مقدمة بحثنا اوردنا تعريفا لمصطلح التناص وتطويرها من قبل جوليا كريستيفا ، كأحد مجالات حقول المعرفة (ابستمولوجيا) والنص واساس التناص نابع من ارضية بناء اكثر شمولية ، في بحثنا هذا حاولنا تطبيق مفهوم التناص في نصوص للشعراء ( خاني ، نالي ، گۆران ، پیرەمێرد ، کامەران ) حيث ان ( الحياة ، الوجود ، الزمان ) هي عناصر البناء لتلك النصوص ، وبصورة عامة

فالتناص يتألف من أ- التناص الذاتى ب— التناص العام وفق النصوص المعاصرة والغير المعاصرة في حادثة تراجيدية خفية فهو شبكة من العلاقات المعقدة


## -پەراوێزەکان -

١- اصول النقدي الادبي : ٢٨٦

٢- هەمان سەرچاوە " ٢٦٧

٣- هەمان سەرچاوە : ٢٧٠

٤- دیلان شاعیرو ئازادیخواز : ٦٧

٥- المتاهات : ١٢-١١

٦- درس سيمولوجيا : ٨٧

٧- في اصول الخطاب النقدي الجديد :١٠٢

٨- ادونيس منتحلا : ٣٤

٩- مقدمة في النظرية الادبية : ١٤٩

١٠- چەند ویستەگەیەکی فکری وئەدەبی : ٢٥٢

١١- مفهومات في بنيه النص : ٩١

١٢- مجله المدى العدد : ١٢،١٩٩٦ : ٤

١٣- علم النص : ٧٩

١٤- الثقافة الاجنبية / التناص ، العدد ٤ ، ١٩٩٨ : ٤

١٥- مفهومات بنية النص : ٨٥

١٦- مجلة المدى : شعرية التناص ، العدد ٣/١٤ ، ١٩٩٦: ٤٧

١٧- قضية البنوية : ١٤١

١٨- هەمان سەرچاوە : ١٤٢

١٩- گەلاوێژی نوێ : ژ ١٩٩٧،٤: ٦٠

٢٠- درس سیمولوجیا ٦٢

٢١- في اصول الخطاب النقدي الجدید ١٠٨

٢٢- مجلة المدی ، التناص ، العدد ١٢، ١٩٩٦ : ٢٧

٢٣- وانەکانی د . محمد عبد الفتاح : خوێندنی بالاّ

٢٤- مجلة المدی ، التناص ، العدد ١٢، ١٩٩٦ : ٢٦

٢٥- هەمان سەرچاوە :٢٧

٢٦- المتاهات : ٢٧

٢٧- دیوانی کامەران : ٣٥٤

٢٨- دیوانی گۆران : ٤١٥

٢٩- اصول الخطاب النقدي الجدید : ٩٩

٣٠- دیوانی گۆران : ٣١٥

٣١- دیوانی پیرەمێرد ك ٤١١

٣٢- دیوانی نالی : ٣٧٠

٣٣- دیوانی خانی : ١٧

٣٤- رامان ژ : ٥٥ لە ٢٠٠١/١/٥ : ٥٩

٣٥- تشریح النص : ٦٩

٣٦- ادونیس منتحلا : ٧٥

٣٧- هەمان سەرچاوە : ٧٦

٣٨- هەمان سەرچاوە : ٧٧

٣٩- هەمان سەرچاوە : ٧٥

# سەرچاوەکان

## یەکەم : کتیبەکان

### أ- عەرەبیەکان


- **احمد الشايب** : اصول النقد الادبي ، مكتبة النهضة المصرية القاهرة الطبعة الثامنة ، سنة ١٩٧٣
- **جلال خياط** : (د) متاهة النص المتاهات ، الشؤون الثقافية العامة / ط بغداد ، ٢٠٠٠
- تزيفتان تودورف ، رولان بارات ، اميرتواكو ، مارك انجينو ، في اصول الخطاب النقدي الجديد ، ت احمد المديني ، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد الطبعة الاولى ١٩٧٨
- جوليا كريستيظا : علم النص ، ت ، فريد الزاهي ، مراجعة عبد الخليل ناظم ، دار توبقال للنشر ، المغرب ، ط ١٩٩٩
- **رولان بارت**: درس سمولوجيا ، عبد السلام بنعبد العال دار توبظال للنشر ، المغرب الطبعة الثانية ١٩٨٦
- **عبد السلام السدى**: (د) قضية البنوية ، دراسة ونماذج الطبعة الاولى ، بن عروس تونس ، ١٩٩١
- **عبدلله محمد الغذامي** : (د) تشريح النص ، مقاربات نشر نصوص شعرية معاصرة ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، بيروت الطبعة الاولى ايلول ١٩٨٧
- **علي حرب** :، النص والحقيقة ، النقد الحقيقة ، المركز الثقافي العربي ، دار البيضاء ، بيروت طبعة الثانية ١٩٩٥
- **كاظم جهاد**، ادونيس منتحلا ، دراسة في الاستحواذ الادبي وارتجالية الترجمة ، يسبقها ماهو التناص ؟ مكتبة مذيولي . الطبعة ١٩٩٣
- **وائل بركات** ، (د) مفهومات في بنية النص ، دار معد للطباعة والنشر والتوزيع ، سورية — دمشق ، الطبعة الاولى ١٩٩٦


### کوردیەکان


- : د . دڵشاد عەلی ، دیلان ، شاعیرو ئازادیخواز ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق / بغداد ١٩٨١
- ئازاد برزنجی : وەرگێڕان ونوسینی ، چەند ویستگەیەکی فیکری وئەدەبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم / ٢٠٠٠ ز

## دووەم : دیوانەکان


- **ئەحمەدی خانی** ، مەم وزین ، چاپی سێ یەم — چاپخانەی هەولێر ، ١٩٦٨ ز
- **پیرەمێردی نەمر** ، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فائق هوشیار ، بغداد — مطبعة الزمان ساڵی ١٩٩٠
- **دیوانی گۆران** ، بەرگی یەکەم ، محەمەدی مەلا کەریم ، کۆکردنەوەو ئامادەیی کردووە وپێشەکی وپەراوێزی بۆ نووسیوە ، چاپخانەی کۆڕی زانیر عێراق بەغدا ، ١٩٨٠
- دیوانی نالي . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، عبد الكريمى مدرس وفاتح عبد الكريم ، پێداچوونەوە محمدی مەلا كريم ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد — بەغدا ، ١٩٧٦


### سێ یەم : گۆڤارو ڕۆژنامەکان

### أ. عەرەبیەکان :


* **جمال غوغالي** ، شعرية التناص ، في رواية رمل الماية ،مجلة المدى العدد ١٤/ ١٩٩

* صبحي الطعان ، التناص مجلة المدى ، العدد ١٢،و ١٩٩٦


### - کوردییەکان :


- بەختیار سەجادی تیۆری هەڵوەشاندنەوە (٢) گۆڤاری سروە ژمارە ،١٧٤ بەفرانبار ١٣٧٩
- بەختیار سەجادی ، ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ ، گۆڤاری ڕامان ژمارە ٥٥ لە ٢٠٠١/١/٥
- عبدللە تاهر بەرزنجی ، لە تاقیگەی ڕەخنەدا ، گەلاوێژ نوێ ، ژمارە (٤) ت ٢ ، ١٩٩٧

# Search Summarized


**This search To deal with intertextulity opening speech of Kurdish critic**
**( Kurdish critic article in Kurdish Literature ) on the beginning of our search we mansion the define of the intertextulity term and developed before jollya kritivya as one of the Knowledge domain (istimologya) and the text intertextulity basis , come from source more to include , in our search we tray to make the intertextulity practical of the poets ( khany – Nali – Goran – Peramerd – Kamaran ) it's the element to construct of those text and generally intertextulity to consist of :**

1. **Self – suggestion intertextulity**
2. **general intertextulity depending of new text and old text in tragedy secretly accident of complex communication net**